# پیاوێک کە ئارەقی خواردبووەوە هێنرا بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-؛ بە دوو لقی دارخورما نزیکەی چل جەڵدەی لێیدا

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پیاوێک کە ئارەقی خواردبووەوە هێنرا بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-؛ بە دوو لقی دارخورما نزیکەی چل جەڵدەی لێیدا»، دەڵێت: وئەبوبەکریش ئەمەی ئەنجامدا، کاتێک عومەر (خەلیفە) بوو؛ ڕاوێژی بە خەڵکی کرد، عبد الرحمان ووتی: «کەمترین سنووری -حەددی- نووسراو هەشتا (جەڵدە)»، بۆیە عومەریش بە پێی ئەمە فەرمانیکرد (کە جێبەجێ بکرێت).
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری وە لەفزەکە هین موسلیمە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- جەڵدەی لێدا لە کەسێک کە مەی (ئارەقی) خواردبووەوە ئەویش بە بەکارهێنانی لقی دارخورما ونزیکەی چل جەڵدەی لێیدا، وئەبوبەکریش -ڕەزای خوای لێبێت- هەمان شتی ئەنجامدا، کاتێک مەی خواردنەوە زۆر بوو لە پاش فەتح وڕزگارکردنی شام وشوێنەکانی تر وترێ وباخەکان زۆربوون؛ عومەر -ڕەزای خوای لێبێت- ڕاوێژی بە هاوەڵان کرد سەبارەت بە سنووری شەرعی -حەدد- لەسەر مەی خواردنەوە، عبد الرحمانی کوڕی عەوف -ڕەزای خوای لێبێت- ئاماژە بۆ ئەوە کرد کە سنووری شەرعی مەی خواردنەوە کەمترین بێت لە نێو حەددەکانی تردا ئەمیش بریتیە لە هەشتا جەڵدە، سزادانی مەی خواردنەوە لەسەر ئەمە جێگیر بوو لە لای زۆرینەی هاوەڵان، وزۆرینەی زانایان (الجمهور من الفقهاء) لەسەر ئەم ڕایەن، وسنووری شەرعی لەسەر مەی خواردنەوە لە بنچینەدا هاتووە وناکۆکی ومشتومڕ نییە سەبارەت بە جێبەجێکردنی، وکۆشش وئیجتیهادی هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- لەسەر زیادکردنی بۆ ئەوە بوو چونکە مەی خواردنەوە زۆر بوو وخەڵکی دوور نەکەوتنەوە لە مەی خواردنەوە بەو ژمارە جەڵدانەی پێشووتر.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58254

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee